# هەڵاتنی تۆمەتبارانی ئەنفال سوودی زیاترە لەزیان

عومەرمحەمەد

دوای ئەوەی دادگا، بڕیاریدا دۆسێی ئەنفال بەکراوەیی بمێنێتەوەو ناوی (423)تۆمەتباری تری ئاشکرا کرد، کەهەندێکیان موستەشارەکوردەکانن، هەرچەندە دادگا تەنها ناوەکانی ئاشکراکردووەو هێشتا بڕیاری گرتنی کەسی نەداوە، کەچی بڵاوکراوە کوردیەکان، بەبێدەیقەتیەکی زۆرەوە، لەبەرخاتری سەفقەیەکی رۆژنامەنوسی لەپێش دادگاوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی هەندێك ناو، کەدەشێت زیانیی لەقازانجی زیاتربێ، ئەمە نەك لەبەرئەوەی دەێتەمایەی هەڵهاتنیان، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو ناوانە هەموویان هەرداواکراونین، ئەوانە لەسەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالدا چەکداربوونو تەنها گومانلێکراون، دەنامەرج نیە تۆمەتباربن بەتاوانی ئەنفال، ئەوانەشی تۆمەتبارنو داوا کراون، مەرج نیە دادگا تاوانباریانبکات..وای بۆدەچم بڵاوکردنەوەو ناوبردنیشیان مەسەلەیەکی نایاسایی بێت، بەتایبەتی لەوێدا کەرۆژنامەکان پێش دادگا کەوتنو ناوەکانیان ئاشکرا کرد، بەلای کەمەوە، رەنگە ئەمەکێشە بۆدادگاو ئەوکەسانەش دروستبکات کەتۆمەتبارنین، یان سبەی تاوانبارنابن.

وەکدەزانین هەندێکیان لەئێستاوە رایانکردووە. هەرچەندە ئەمە لەلایەکەوە زەرەری بۆدۆسێی ئەنفال هەیەو لەلایەکی تریشەوە سود، ئەگەرچی هەن ئەم راکردنە بەکارێکی خراپ دەزانن‌و سودەکەی نابینن، بەڵام لای من ئەم مەسەلەیە پێچەوانەیە، بۆیە لێرەوە بەپێی توانا هەوڵدەدەم هەردوو دیوەکەی بخەمەڕوو.

<u>زەرەی هەڵاتنیان:</u>

رەنگە گەورەترین زەرەر بەهۆی راکردنی تۆمەتبارەکانەوە بۆ دۆسێی ئەنفال ئەوەندەبێت، کە ڕەوشی بەرەیۆەچوونی دادگایکردنەکە بۆ لەومەلا ساردوو سرییەکی تێبکەوێت، هەروەها گرتنیان درەنگتروگرانتر بکەوێت، چونکە ئیتر لەتوانای هێزەکانی ناوخۆی عێراقدا نامێنێتودەکەوێتە ئەستۆی پۆلیسی نێونەتەوەیی"ئەنتەرپۆل" ئەمەش پێویستی بەکاتێکی زۆرترو دیقەتێکی وردتردەبێت، نمونەش گرتنی نزارخەزرەجیە کەچەند ساڵێکە پۆلیسی ئەنتەرپۆل بەدوایەوەیە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە بیگرێتو تەسلیم بەدادگای بکاتەوە.

<u>سوودی هەڵاتنیان:</u>

وای بۆدەچم هەڵاتنی تۆمەتبارانی ئەنفال زیاتر بەسوود بگەڕێتەوە، بۆ کێشەی سیاسی کورد، نەك زەرەر چونکە ئەو تاوانەی پێی تۆمەتبارن، تاوانی ئاسایی نین، بەڵکو تاوانەکە بەبڕیاری دوو دادگای جیاواز تانی جینۆسایدە، واتا تاوانی نیودەوڵەتییە، بۆیە وا پێویستە جگەلەدادگای عێراق وڵاتانی تریش دادگایان بۆ سازبکەن. ئەوانەی لەو وڵاتانە مافی پەنابەرێتی‌و رەگەزنامەیان هەیە، بێگومان ناگەڕێندرێنەوە بۆ عێراق، لەبەرئەوەی یاسای سزادانیان جیاوازە، بەتایبەتی ووڵاتە ئەوروپییەکان سزای لەسێدارەدانیان نیە، بۆیە وەك ئیلتزامێکی یاسایی کەمافی مرۆڤی تێدا پارێزراوە، ئامادەنین تەسلیم بەعێراقیان بکەنەوە، کەیاسای سزادان پەیرەودەکات، بێگومان ئەمەش سوودێکی گەورەتر بەدۆسێی کورد دەگەیەنێت، چونکە لەبری دادگایەکی ناوخۆ رەنگە چەند دادگایەکی دەرەوەش سەرقاڵبن بە دۆسێی ئەنفال‌و جینۆسایدکردنی کوردەوەو چەند وڵاتێکی تریش بۆئەم کێشەیە بێنە پێشێ، ئەمەش هەنگاوێکە بەرەو بەجیهانی بوونی کێشەی کورد، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە، کەکورد بەتایبەتی رێکخراوەو کەسایەتیە خەمخۆرەکانی، خەمساردی لێنەکەن‌و لەهەرکوێیەك سووسەی تۆمەتبارێکی ئەنفالیانکرد، پۆلیسی لێئاگادار بکەن‌و ڕای کێشنە

بەردەمی دادگا. دیارە ئەم حاڵەتە زیاتر بۆ ئەوکەسە تۆمەتبارانەیە کە لەووڵاتانە نیشتەجێن. ئەوانەشی تازە رادەکەن هەڵبەت لەیاسا دەربازنابن، بەڵکو پۆلیسی نیودەوڵەتی ئەنتەرپول دەیانگرێتو روبەڕوی دادگای عێراقیان دەکاتەوە. ئەمە جگەلەوەی بەپێی بریارە نیونەتەوەییەکان تاوانبارانی جینۆساید نابێت هیچ وڵاتێك دالدەیان بدات، تەنانەت ئەگەر ئەو وڵاتە پابەندیش نەبێت بە پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدیشەوە، خۆ ئەگەر هەموو ئەوانەش نەکران، لەخراپترین حالەتدا تۆمەتبارەکان، بەئاوارەیەکی قاچاغو نایاسایی دەمێننەوەو هەرگیز ناتوانن بەناوی راستەقینەی خۆیانەوە دەرکەون، بەڵکو دەبنە زیندانێکی هەمیشە ترساو، بەلای کەمەوە لەو کەڵەگایی‌و نازونیعمەتەی ئێرە بێبەش دەبن‌و لەبەرچاوی کەس‌وکاری قوربانیان نامێنن‌و تامردن وەکو تۆمەتباری تاوانی نیودەوڵەتی دەمێننەوە. لەراستیشدا ئەگەرخۆمان لەڕق‌و رۆحی تۆڵە سەندنەوە خاڵی بکەینەوە ئەوەش جۆرە سزایەکی کەم نیە.

بەڵام لێرەدا نابێت کورد تەنها تەماشاکەربێت‌و ئەمەبە ئەرکی پۆلیسی نیودەوڵەتیی بزانێ‌و خۆی پاڵی لێبداتەوە، بەڵکو هێشتا کۆسپ‌و تەگەرەی زۆری لەبەردەمدایە. چونکە هەموو وڵاتێك خاوەنی ئەو یاسایە نیە کەتۆمەتبارانی تاوانە نیودەوڵەتیەکان، بەئەرکی خۆی بزانێت‌و ئیلتیزامیان پێوەبکات، لێرەوە خراپ نیە ئەگەر مشتومڕی ناوهۆڵی دادگای هۆڵندا لەنێوان دەستەی پارێزەرانی تاوانبار" فرانس ڤان ئانرات"و دەستەی دادوەری بگوێزینەوە ناو ئەم باسە، کەپارێزەرەکانی فرانس ڤان دەیانگووت:( داوا لەدادگادەکەین، ڕادەی تاوانبارێتی حوکمەتی وولاتێکی جیاواز هەڵبسەنگێنێت، حکومەتی عێراق لەهەموو وڵاتێکی تردەسەلاتی زیاترە بۆ دادگایی کردنی ئەم ڕووداوانە. بۆیە حوکمدان لەسەر ئەم کێشەیە ( واتە جینۆساید) بەپێی یاساکانی نێودەوڵەتی کارێکی نابەجێیە[1] .

دادگا وەڵامیاندەداتەوە: ئەم تانەیەی دەستەی پارێزەران بێ مانایە. لەبەرئەوەی وولاتی هۆڵەندا لەم حاڵەتەدا حوکمی کەسێك نادات بەگوێرەی یاساکانی نێودەوڵەتی پارێزراوبێت (حصانەی قانونی هەبێت). لەسەر دادگا پێویستەلەم کێشەیەی بەردەستیدا هەڵسەنگاندنی خۆی ئاشکرا بکات سەبارەت بەتاوانە بنچینەییەکان (واتە: جینوساید)، کەلەلایەن ئەوکەسانەوە ئەنجامدراون‌و دادگا بانگهێشتی کردوون. ئەوانە هیچ (حصانەی) نێودەوڵەتی نایانگرێتەوە. یاساکانی نێودەوڵەتی ناتەبا نین بەوەی ئەم کەسانە حوکم بدرێن بەرامبەر ئەو تاوانانەی کردویانە.

**سەبارەت بەو خاڵەی عێراق وڵاتێکە لەهەموو وڵاتانی تر زیاتردەسەڵاتی یاسایی هەیە بۆ دادگاییکردنی ئەم کێشەیە، دادگا دەڵێت: بە گوێرەی یاساکانی نێودەوڵەتی، چ تاوانە سەرەکیەکان، ( واتە جینوساید)، چ بەشداریکردنی کەسی تۆمەتبار لەم تاوانانەدا کارێك نین تایبەت بن بەدەزگایەکی یاسایی دیاریکراوەوە.)**

**ئەگەر سەرنج بدەین موناقەشەکانی ناو دادگای هۆڵندا بەڕوونی ئەوەمان پێدەلێت، ئەو تاوانە بالەوڵاتێکی تردا بن‌و پەیوەندی بەهۆڵنداوە نەبێت، تۆمەتبارانی تاوانێکی وەکو ئەنفال تایبەت نین بەدادگایەکی دیاریکراو[2] بەڵکو ئەوە ئەرکی ئەوانەشە کەدژبەجینۆساید دەوەستنەوە.**

دەستەی پارێزەران لە تانەیەکی تردا دەڵێن:

---

[1] بۆهەموو ئەو گفتوگۆیانەی نێوان دەستەی داد وەری‌و پارێزەرەکانی فرانس ڤان ئانرات بروانە ماڵپەری ناوەندی چاك کۆنوسی بریارەکانی دادگای سەرتایی لاهای وەرگێرانی بەختیارعارف.

[2] هەمانسەرچاوە بریارەکانی کۆتایی دادگا وەرگیرانی ئەمیر قادر

(ئەم دادگایە لەشاری دەنهاخ دەسەلآتی بڕیاروحوکمدانی نییە لە مەڕ تاوانە بنچینەییەکە (واتە: جینۆساید)، هەر بۆیە دەسەلآتی بڕیارو حوکمدانی بە سەرئەم ڕووداوانەشدا نییە.)

دادگا ئەم ناڕەزاییەش ڕەتدەکاتەوە. دەڵێت:

( ئەگەر ئەوەی پارێزەران دەیڵێن ڕاستبێت، ئەوا دەبێت داواکاریەکەی داواکاری گشتی پەسەند نەکرێت. بەشیداریکردن لەتاوانێکدا، ئەگەر ئەوتاوانە جینۆساید و تاوانی جەنگ بێت، بەیاساکانی هۆڵەندا، تاوانێکی سەربەخۆیەو سزا دەدرێت. ئەگەر تۆمەتبارێك لەهوڵەندا بژی(جنسیەی) هوڵەندی هەبێت، دەکرێ لەسەر بەشداریکردنی تاوانەکە، بەپێی ماددەی $5$ لە یاساکانی تاوانو ماددەی $2$ ی یاسای لێپرسینەوەی تاوانکاریو بەپێی دەسەلاتی تایبەتی یاساکانی نێودەوڵەتی بۆ تاوان. لەهۆڵەندا دادگایی بکرێت، نەك تەنیا دادوەری هوڵەندی بەڵکو دادوەری شاری دەنهاخیش دەسەلآتی ئەوەی پێدراوە.

بۆیە ئەوەی دەستەی پارێزەران ڕایانگەیاند بەهیچ کلۆجێك لەلایەن یاساکانی نێودەولەتییەوە پشتگیری لێناکریت. بەتایبەتی لەتاوانی نێودەوڵەتیدا کەسانێکی زۆروچەند لایەنێکی جیاواز بەشداری تێدا دەکەن. بۆیە هەمیشە دادگایکردنی ئەم حاڵەتانە لەچەند جێگایەکی جیاواز ئەنجام دەدرێت. ئەگەربەم شێوەیە کارنەکرێت ئەوا چەندەها گومانلێکراو لەسزادان دەرباز دەبن.)

کەواتە لێیانگەرێن بابرۆن، کەلێرە بوونیان هەرزیانو مەترسی بووە، بۆ خەڵك بالەدەرەوە ئەو خێرەبدەنەوە بۆمان.